# هەرکەسێک ناڕەحەتیەک لابدات لەسەر ئیمانداڕێک لە ناڕەحەتیەکانی دونیا؛ ئەوا خوای گەورە ناڕەحەتیەک لە ناڕەحەتیەکانی قیامەتی لەسەر لادەدات، وئەوەی ئاسانکاری بکات بۆ قەرزدارێک یان هەژارێک؛ ئەوا خوای گەورە ئاسانکاری بۆ دەکات لە دونیا وقیامەتدا، وئەوەی هەڵەی مسوڵمانێک بپۆشێت؛ ئەوا خوای گەورە هەڵەکانی دەپۆشێت لە دونیا وقیامەتدا

لە ئەبو هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وآله وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێك یارمەتی موسڵمانێك بدات بۆ ئەوەی ناڕەحەتیەکی دونیایی لەسەر لابدات؛ ئەوا بێگومان خوای گەورە ناڕەحەتیەک لە ناڕەحەتیەکانی ڕۆژی قیامەتی لەسەر لادەدات، هەرکەسێك یارمەتی قەرزدارێک یان هەژارێک بدات وکارەکەی بۆ ئاسان بکات؛ ئەوا خوای گەورە کاریش بۆ ئەو ئاسان دەکات ویارمەتی دەدات، خوای گەورە لە یارمەتی وکۆمەکی بەندەی خۆیدایە ئەگەر ئەو بەندەیە لەکۆمەك ویارمەتی براکەیدا بێت، هەرکەسێك ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆ ئەوەی عیلم وزانینێك بەدەست بهێنێت؛ ئەوا خوای گەورە بەهۆی ئەوەوە ڕێگای بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات، هەر کۆمەڵێك کۆببنەوە لە ماڵێك لە ماڵەکانی خودا وقورئان بخوێنن وپێداچوونەوە بکەن؛ ئەوا بێگومان دڵ ئارامی وسەکینەت دادەبەزێت بەسەریاندا ورەحمەت وبەزەیی دایاندەپۆشێت وفریشتەکان چواردەوریان دەگرن وخوای گەورەش باسیان دەکات لای ئەوانەی کە لە ئاسماندان، وهەرکەسێك کار وکردەوەی کەموکورتی تێدابێت وپاشی بخات؛ ئەوا بێگومان ڕەچەڵەک وبنەماڵە فریای ناکەون ونابنە هۆی پێشخستنی».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

سوودەکانی فەرموودەکە: ئەوەی ناڕەحەتیەک لابدات لەسەر مسوڵمانێک، یان کار ئاسانیەکی بۆ بکات بەهۆی کارێک کە لەسەری قورس بوو، یان مسوڵمانێک بپۆشێت بەهۆی هەڵەیەک یان تاوانێک ئەوا خوای گەورە پاداشتی ئەویش دەداتەوە لە ڕەگەزی ئەو کردەوانەی کە سوودی گەیاند بە برا مسوڵمانەکەی، خوا گەورە بەندە سەرفراز دەکات لە دونیا وقیامەتدا کاتێک یارمەتی برای مسوڵمانی دەدات بەهۆی کارێک کە لەسەری قورس بووە، وئەوەی ڕێگایەکی هەستپێکراو بگرێتە بەر وەکو ئامادەبوونی ئەڵقەکانی فێربوونی قورئان خوێندن ودانیشتن لە لای زانایان بۆ مەبەستی فێربوون، یان ڕێگایەکی واتایی بگرێتەبەر کە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەم زانستە وەکو پێداچوونەوەی وبیرکردنەوە وهەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە زانستە بەسوودەکان وجگە لەمانە. ئەوەی ئەم ڕێگایانە بگرێتە بەر بە نیەتێکی چاک وڕاستگۆیانەوە ئەوا خوای گەورە سەرکەوتووی دەکات بۆ بەدەستهێنانی زانستی بەسوود کە ڕێگایەکە بەرەو بەهەشت، وئەوانەی کۆ دەبنەوە لە ماڵێک لە ماڵەکانی خوای گەورە بۆ خوێندنەوە وفێربوونی قورئانی پیرۆز؛ خوای گەورە سەکینەت وئارامی ورەحمەت دادەبەزێنێتە سەریان وفریشتەکان ئامادەی ئەو جۆرە دانیشتنانە دەبن وخوای گەورە لە سەرەوەی ئاسمانەکان باسیان دەکات، وهەموو ڕێزداری وشەرەفمەندیەک بە کردەوەی چاکە نەک بە ڕەچەک وبنەماڵە.